# ئاوڕێکی کورت لە سەر گۆڤاری لاوان

**مەنسوور سەممار**




گۆڤاری "لاوان" ئۆرگانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرهەمی دوو دەیە خۆڕاگری و لە خۆبردوویی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە لە دوو دەورەدا کاری بۆ کراوە هەتاکوو ئەم گۆڤارە لە کارە ئەسڵی‌یەکانی خۆی کە خزمەت بە بیرو هۆشیاری نەتەوەیی لە نێو لاواندایەو هەر لە هەمان کاتیش دا ڕێنوێنی کەری ئامانج و ئەهدافی سینفی لاوان لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە دوور نەکەوتوەتەوە.

ڕەنگ بێ ئاوڕدانەوە لەو گۆڤارە کە هەردەم لە خزمەت هونەری ڕۆژنامەگەری کوردی دا بووە شتێکی بەسوودو بە کەڵك بێ و هەروەها ئاوڕێکی کورت بێ لە بەسەرهاتی ئەم گۆڤارە وەرزی‌یەو ڕێزگرتنێکیش بێ لە بەرامبەر ئەو کەسانەی کەم و زۆر هەوڵیان بۆ داوەو کاریان تێدا کردووە. بە دوای پێك هاتنی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی دانانی بنکەی بارەگای تایبەت بۆ یەکیەتیی لاوان لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی دا "لاوان" بوو بە زمانحاڵی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

یەکەم ژمارە لە خەزەڵوەری ١٣٦٠ی هەتاوی دا لە دۆڵی خدراوێ نێوان (پیرانشارـ سەردەشت) بڵاو بۆوە لە سەرەتادا هەرمانگ جارێك و بە (کوردی







و بە فارسی) دەردەچوو پاشان بە دوو مانگ جارێك بڵاو کرایەوە کە وتارو بابەتی فارسی تێدا دەگونجا، هەتا ساڵی ۱۳۷۲ی درێژەی کێشا و لەو ماوەیەدا ٥٦ ژمارەی لێ دەرچووە واتە دوایین ژمارەی دەوری یەکەم تا رەشەممەی ۱۳۷۲ی هەتاوی کێشاوە.

ژمارەکانی دەورەی پێشووی "لاوان" جگە لە چەند ژمارەی دوایی لە کاغەزی A٤ و A٥ دا چاپ دەبوون و نێوەنجی ژمارەی لاپەڕەکانی ٥٠ لاپەڕە بوون و پشت چینی بابەتەکانی تایپ دەکران و بە ڕۆنیو چاپ دەبوون.

بابەتەکانی ئەو گۆڤارە لەو دەورەدا زیاتر سیاسی، مێژوویی، ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بوون و نێوەڕۆکی بابەتەکانی بیرو بۆچوون و هەڵوێستەکانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان نیشان داوە، هەوڵ و راپۆرتی پێوەندیدار بە یەکیەتیی لاوان و لاوانی کوردستان و ئێران، خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد بە تایبەتی لە کوردستانی ئێران و لە قاودانی سیاسەتی دژی گەلیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی بڵاو دەکردەوە.

بە سەرنجدان بەوە کە دەورەی پێشووی "لاوان" هەر بە دوو مانگ جارێك بوو لە ماوەی دوازدە ساڵ تەمەنی دەرچوونی دا دەبوا ۷۲ ژمارەی لێ دەرچووبا. بەڵام سەبارەت بەوە کە زۆریەی هەرە زۆری ئەو ماوەیە لە ژێر هێرشی زەمینی، تۆپخانەو هەوایی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دا بووەو چەندین جار چاپخانەو ئیمکاناتی ئامادەکردنی راگوێزراون، جاری واش بووە لە کارگێڕان و ئامادەکرانی نەقل کراون و یا لەو شەڕە داسەپاوەدا شەهید بوون هەمیشە نەیتوانیوە لە کاتی خۆی دا دەرچێ.

بۆ وێنە لە ماوەی ۷ ساڵ تەمەنی گۆڤاری لاوان دا ۳ جار ئەو گۆڤارە لە چاپ و بڵاوکردنەوەدا راوەستا. جا هێندێك جار چەند مانگ (وەك نێوان ژمارەکانی ۱و۲) و جاری واش هەبوو چەند وەرز (وەك نێوان ژمارەی ۱٤و۱٥) و جارێکیش چەند ساڵ (وەك نێوان ژمارەکانی ۲٦و ۲٦) نزیکەی دوو ساڵی تەواو (جۆزەردانی ٦٥ تا جۆزەردانی ٦٧) "لاوان دەر نەچوو و راوەستا، هەر

بۆیە شەهید د.قاسملووی نەمر بەم بۆنەوە کە لاوان دەست بە کار دەبێتەو پەیامێك ئاراستەی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری لاوان دەکاو لە بەشێك لە پەیامەکەی دا دەڵێ: "ژمارەی ٢٧ی "لاوان" بە دەستم گەیشت، جێگای خۆشحاڵیە کە یەکیەتیی لاوان توانیویەتی سەر لە نوێ ئۆرگانی خۆی چاپ و بلاو بکاتەوە. زۆربەی نووسراوەکانی ژمارەی ٢٧ بە نرخ و بێگومان سەرنجی لاوان رادەکێشن، بۆیە پیرۆزبایی لە دەستەی نووسەران دەکەم و هیوادارم لە دواڕۆژدا بتوانن هەم نێوەرۆکی "لاوان" باشتر و شکڵەکەی جوانتر بکەن و هەم زیاتر لە سەر گیرو گرفتەکانی لاوان لە کوردستان و سەرانسەری ئێران و وڵاتەکانی دەرەوەدا بدوێن".

دوکتور قاسملووی شەهید کە بایەخێکی زۆری بە چۆنیەتی پەروەدەکردنی لاوان و تێکۆشانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دادەنا بەم کارە خۆشحاڵ بووە، ئەوێك کە هەمیشە چاوی دوربین و پڕی لە سەر یەکیەتیی لاوان بووە لە کارو تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەدا هاندەر بوو ڕێنوێنی لاوانی کردووە. ئاخرین ژمارەی لاوان ژمارەی (٥٦) کە لە ساڵی ١٣٧٢ بوو ئیتر لەم ڕێکەوتە بەو لاوە بەڕێوەبەرانی لاوان و دەستەی نووسرانی لاوان چالاکی رێکخراوەییان نەما و بۆ ماوەی ٥ ساڵ ئەو یەکیەتییە لە تێکۆشانی خۆی ڕاوستاو گۆڤاری لاوان لە چاپ و بلاو بوونەوە وەستا. بە دوای ئەوەی کە لاوان ٥ ساڵ لە تەمەنی خۆی بە بێ کار کردن بردە سەر لە ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی و سەر لە نوێ دەست بە کار بوونەوەی رێکخراوی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دیسان گۆڤاری لاوان دەستی بە بلاو کردنەو کردەوە. یەکەم ژمارەی دەوری دووهەمی "لاوان" لە ڕەزبەری ١٣٧٨ی هەتاوی دەرچووە تا ئێستا ٢٣ ژمارەی لێ دەرچووە. و ورزانەیە.دەوری ئێستای "لاوان" (دەوری دووهەم) لە کاغەزی A٤ دا دەردەچێ و نێوەرۆکی زیاتر لە باری توێژیی لاوو مەسەلەکانی تایبەت بە لاوان و خوێندکارانە.

"لاوان" گۆڤاری هەموو لاوێکی کوردە بە ناردنی وتار، چیرۆك، شێوە وێنەو ... هاوکاری دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤارە بکەن. بەڕێوەبەرانی هەوڵ دەدەن ماوەی دەرچوونەکەی کەم بکەنەوە کەواتە پێویستی بە هەموو دڵسۆزان و لایەنگران و ئەندامانی خۆی هەیە. بە دوای لێبووردن لەو کەسانەی کە کاریان لەو گۆڤارە دا کردووە وناویان نەهاتووە. سلاو لەو قەڵەمە بوێرانەی کە راشکاوانە کێشەو گرفتەکانی لاوانیان باس کردووە و هاوکاری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کردووە.

■